## جولیانۆ بیلیتی:

# سەرەڕای ئەوەی یاریزانێکی یەدەگم خۆشحاڵم لە یانەی چێڵسی



**وا چاوەڕان دەکرێ کە تەنیا یاریزانێکی سادە بێت و هەلی بۆ برەخسێ لە یانەیەکی بەناوبانگ یاری بکات یاریزانی هێڵی بەرگری بەرازیلی و یانەی چێڵسی ئینگلیزی جولیانۆ بیلیتی خاوەن ئەزموونێکی باشە و بە بەردەوامی تام و چێژ بە یارییەکان دەدات و خاوەن نازناوی مۆندیال و جامی یانەکانی ئەوروپایە، لە وەرزی پارساڵ لە کۆتایی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا بە یانەی شەیتانە سوورەکان دۆڕان، جولیانۆی تەمەن (٣٢) ساڵی هاوکاری بەرشلۆنەی کرد لە بە دەستهێنانی نازناوی پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپای ٢٠٠٦ ئەو کات لە یاری کۆتایی لە یانەی ئەرسەناڵی بردەوە بە گۆڵێکی جوانی خۆی خەونەکانی یانەی لەندەنی لە چاڵنا و ساڵی ٢٠٠٢ مۆندیالی بۆ بەرازیل بە دەستهێنا و دوو وەرز بۆ ڤیاریاڵ و ٣ وەرزیش بۆ بەرشلۆنە یاری کرد کە توانی هەردوو وەرزی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ نازناوی خولی ناوەخۆ بباتەوە و پاشان لە بەرشلۆنە تووشی پێکان هات یاریزانی ئیتاڵی جانلۆکا زامبەرۆتا شوێنی گرتەوە، لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە لە گۆڤاری سوپەر بەباشمانزانی بڵاویبکەینەوە.**

### جولیانۆ بلیتی کێیە

ناو: جۆلیانۆ هاوز بیلیتی
ڕۆژی لە دایکبوون: ٢٠ی یۆنیۆی ١٩٧٦
شوێنی لە دایکبوون: کازکافل – بەرازیل
درێژی: ١٧٩ سم
دەستپێکردنی
١٩٩٣-١٩٩٥ لە کرۆزێرۆ (٥٢) یاری ئەنجامداوە و سێ گۆڵی تۆمارکردووە
١٩٩٥- ٢٠٠٢ لە یانەی ساوپاولۆ (٥٤) یاری ئەنجامداوە و چوار گۆڵی تۆمارکردووە.
٢٠٠٢-٢٠٠٤ لە یانەی ڤیاریال (٥٧) یاری ئەنجامداوە (٥) گۆڵی تۆمارکردووە.
٢٠٠٤-٢٠٠٧ لە یانەی بەرشلۆنە (٧١) یاری ئەنجامداوە (١) گۆڵیشی تۆمارکردووە.
لە ساڵی ٢٠٠٧ وە لە یانەی چێڵسی (٣٤) یاری ئەنجامداوە و (٥) گۆڵیشی تۆمارکردووە.
لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٥ لە هەڵبژاردەی بەرازیل (٢٣) یاری ئەنجامداوە دوو گۆڵی تۆمارکردووە.

*** ئەمە دووەم وەرزتە لە یانەی چێڵسی و لە گشت یارییەکان وەکو یارییەکان وەکو یاریزانی یەدەگ یاری دەکەی؟**

- هەموو یاریزانێکی دەیەوێ وەکو یاریزانی سەرەکی یاری بکات و بەشداری لە یارییەکان بکات، ئەم سیناریۆیەش لە یانەی بەرشلۆنە بەرامبەر من دووبارە بۆوە، بەڵام کۆتاییەکانی بۆ من دڵخۆشکەر بوو، بۆیە دەبێ من هێمن و لەسەرخۆ بم لە یانەی چێڵسی هەموو یانەیەك هەوڵ دەدە زیاتر لە (١١) یاریزانی باشی هەبێت چونکە یارییەکانی یەکجار زۆرە و پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەرە.

*** ئایا کاتی ئەوە بەسەر نەچووە کە بچیتە یانەیەکی دیکە؟**

- لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت و لەوانەشە هەڵە بێت من ئاستێکی باشم لەگەڵ بەرشلۆنە نیشاندا و بڕواشم بەوەش بوو کە هەموو شتێك گۆڕانکاری بەسەر دادێت، خۆشترین سات ئەوە بوو کە لە کاتێکی باش بوو یانەی چێڵسی داوای منی کرد ئەمە شتێکی زۆر بوو لای من،چونکە من لە یانەیەکی بەناوبانگ چوومە یانەیەکی بەناوبانگتر و کەس و کارەکەشم خۆشحاڵ بوو بە هاتنم بۆ ئینگلتەرە هەست بەوەش دەکەم کە لای هاندەران خۆشەویستم.

*** لە خولی یانەکانی ئینگلتەرە چ شتێك سەرسوڕمانت دەکات؟**

- خۆشەویستیەکی ڕادەبەدەری جەماوەر بۆ تۆپی پێی و

ئینگلیــزەکان ناوبانگیان بەوە شــتە دەرکــردووە، یاریگاکان بــە بەردەوامی جەماوەرێکی یەکجــار زۆری لێ دەبینرێ و پەیژەکانیــش بە جوانترین شــێوە دەرازێندرێتەوە و یانەکانی ئینگلتەرەش زۆرترین یانەی جیهانیش کە پشــت بە یاریزانی پیشــەگر دەبەستن بەراســتی لە ئینگلتەرە خۆشیەکی باش بەدی دەکرێ.

*** جیاوازی لە نێوان یاریزانان دەکرێ و هەســت بەوە دەکەی کــە جیاوازی لە نێوان تۆ و جۆن تێــری و لامپارد و دیکۆ هەیە؟**

- هیچ جۆرە جیاوازییەك نییە هەموو وەکو یەك هەڵسوکەوتی لەگەڵــدا دەکرێ، یاریزانە خاوەن ئەزمــوون و کۆنەکان وەکو یاریزانە لاوەکان سەیر دەکرێت ئەمەش بۆ شێوازی کارکردنی یانــە دەگەڕێتەوە و یاری تۆپی پێ یارییەکی کۆمەڵیە بۆیە دەبێ گشــت یاریزانەکان بەیەك چاو و بە یەکســانی سەیر بکرێت، لە یانەی چێلسی کار بــە ناو ناکرێت تەنیا ئەوەی ســوودی بۆ بەرژەوەندی یانەکەی هەبێت، زۆر کەســایەتی باشمان هەیە و کارەکانیان بەجدی دەکەن.

*** تووشی هیچ کێشەیەك نەبوویت کە مۆرینهۆ دەستی لەکار کێشایەوە؟**

- بەراســتی ناخۆش و زەحمەت بوو چونکە ئەو داوای منی کرد کە بێمە ریزی یانەی چێلســی و هەســتم بەوە کرد کە یانەی چێلســی بە دوای یاریزانێــك دەگرێ کە لە باڵەکان یاری بکات و مۆرینهۆش گوتی من تۆم هەڵبژاردووە دوای هاتنم بە چەند هەفتەیەك بۆ یانەی چێلســی مۆرینهۆ ئەو یانەی جێهێشت بەراستی پێم خۆش نەبوو، چونکە دوو خاڵی گرنگ منی خۆشــحاڵ کردبوو یەکەمیان هاتنم بۆ یانەی چێلســی و دووەمیان مەشقکردنم لەسەر دەستی مۆرینهۆ کە بە گەورەترین و باشترین راهێنەری جیهانی دادەنێم، کە راهێنەر ئەفرام گرانت هاتە یانەی چێلسی پێی باش بوو پاولۆ فێریرا لە باڵــەکان یاری بکات، بەڵام پاش ئەوەی تووشــی پێکان هات و هەل بۆ من رەخســا بگەڕێمەوە پێکهاتەی سەرەکەی یانەکەم.

*** جــۆری پەیوەندی یاریزان لەگــەڵ راهێنەر لە ئینگلتەرە چۆنە؟**

- پەیوەندیان وەکو شــوێنەکانی دیکەیە و بۆشایەکی زۆر لە نێوانیاندا نییە، بۆ نموونە سکۆلاری قسە و گفتوگۆی زۆر لەگەڵ یاریزانەکان دەکرد، بــەڵام بە بەردەوامی رێزگرتن لە نێوانیان دا هەبوو، یاریدەدری گرانت کە هۆڵەندی بوو حەزی دەکرد بە بەردەوامی لە یاریزانەکان نزیك بێت.

*** ئەی بۆ وەرزی ئەمســاڵ چیت هەیە قســەی لەســەر بکەی؟**

- کارەکان وەکو پێویست ئەنجام نادرێ ئەو کاتەی سکۆلاری بووە راهێنەر زۆر بە هێمنی قســەم لەگەڵــدا کرد و یانەی چێلسی هەڵســا بە هێنانی جۆزی بۆسینگوا کە لە شوێنی من یاری دەکات، سکۆلاری لێی پرسیم و گوتی بەنیاز نێت ئــەو یانەیە جێ بهێڵی منیش بە راشــکاوی پێم وت نەخێر، چونکە من باش لە شێوازی یاریکردن لە یانە زلهێزەکان گەیشتووم و هەوڵ دەدەن بــە بەردەوامــی هێڵەکان و پێکهاتەی سەرەکی بەهێز بکەن بە هێنانی یاریزانی تازە.

*** لــە وەرزی ئەمســاڵ لە هێڵی پێشەوە یاریت کرد ئایا ئەمە زەحمەت نەبوو؟**

- هیچ زەحمەتم نەکێشا چونکە پێشتر من لەو شــوێنە یاریم کردبوو و نهێنیەکانــم دەزانی لێی تێگەیشتبووم چی دەوێ ئەمەش جێگەی خۆشحاڵیە کە دەتوانم بە سەرکەوتووی لە چەندین هێڵ یاری بکەم.

*** چــۆن لەگــەڵ ســکۆلاری لێــك دەگەیشتن؟**

- زۆر بــاش بوو ماوەیەکی زۆرە منی دەناســی ساڵی ٢٠٠٢ یانەی ساوپاولۆم جێهێشت، بــەڵام پەیوەندیم بە هیــچ یانەیەکی دیکە نەکرد بۆیە سکۆلاری منی بانگهێشت کرد بۆ هەڵبــژاردەی بەرازیل کە خۆم بە قــەرزاری دەزانم و ســکۆلاری خۆشەویســتی هەموانە و لە ئینگلتەرەش رێزێکــی تایبەتی لێدەگیــرێ و یەکێکە لەو راهێنەرانەی کە هیچ ناترسێ و بە بەردەوامی پێکهاتەی تیپەکــەی دەگۆڕێ، زۆر راهێنەر هەیە زۆر ترسنۆکە تەنیا کار لەسەر پێکهاتەیەك و شــێوازێك دەکات، بەڵام ســکۆلاری وا نییە سەرەتا (٤-٤-٢) یاری دەکرد دوای ئەوەی هاتە ئینگلتەرە شێوازی یاریکردنی کردە پلانی (٤-٣-٣)، بەڵام بەداخەوە دوورخرایەوە.

*** ئاواتەکانت لە وەرزی ئەمساڵ چییە؟**

- ئاواتــم ئەوەیــە زۆرترین نازنــاو کۆبکەینەوە زۆر لە راهێنەران لە جامی ئینگلتەرە بە یاریزانی لاو یاری دەکات، بەڵام ســکۆلاری بە پێچەوانەی ئەوان بوو کەچــی ئیــداری یانەی چێلســی نەیزانی چۆن پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆی بکات کە سکۆلاری دوورخستەوە.



# ئەمڕۆ و سبەی لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت





لە چوارچێوەی یارییەکانی جەولەی چوارەمی خولی پلە یەکەکانی کوردستان لە تۆپی پێی ئەمڕۆ و سبەی (١٠) یاری ئەنجام دەدرێ کە لەم رکابەریە (٢) یانە سەردەکەوێ بۆ خولی یانە پلە نایەبەکانی کوردستان ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە کە بەم شێوەی خوارەوەیە.

گرووپی یەکەم
سۆلاڤ – پێشکەوتن یاریگای سەورە
خاك – ئاشتی یاریگای خاك
خەبات – شۆریجە یاریگای خەبات
هاوکاری دووز - چەمچەماڵ یاریگای داقووق
خانەقین – برایەتی یاریگای خانەقین

گرووپی دووەم
هەڵۆ – جیهان یاریگای بلێ
کۆیە – شێروانە یاریگای شێروانە
بەختیاری – ئاسۆ یاریگای برایەتی
سێ چرا – دینارتە یاریگای سێمێڵ
گشت یارییەکان کاتژمێر (٣) ئەنجام دەدرێ.

## لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان (٨) یاری ئەنجام دەدرێت



لە درێژەی یارییەکانی جەولەی سێیەمی قۆناغی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە تۆپی پێی کە لە لایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سەرپەرشتی دەکرێت، ئەمەو رۆژانی چوارشەممە و پێنچ شەممەی داهاتوو چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ ئەمەی خوارەوەش خشتە و شوێنی یارییەکانە.

پێشمەرگەی سلێمانی – زاخۆ یاریگای پێشمەرگەی سلێمانی
سەورە – پێشمەرگەی سلێمانی یاریگای سەورە
زاخۆ – سیروانی نوێ یاریگای زاخۆ
ئاڵا- هەندرێن یاریگای ئاڵا
دهۆك – سلێمانی یاریگای دهۆك
هەولێر – کەرکووك یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری
بروسك –سێمێڵ یاریگای بروسك
پیرس – ئارارات یاریگای پیرس
نەورۆز – پێشمەرگەی هەولێر یاریگای نەورۆز
جێگای باسە گشت یارییەکان کاتژمێر ٣ ئێوارە ئەنجام دەدرێت.



### شاندێکی وەرزشی بەرەو ئەرژەنتین

سەرچاوەیەك لە یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی کوردستان پێی راگەیاندین کە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان داوەتنامەیەکی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی ئەرژەنتین بۆ هاتووە کە داوای شاندێکی یەکێتی ناوبراوی کردووە کە سەردانی وڵاتی ئەرژەنتین بکات، سەرچاوە زیاتر گوتی: ئەو شاندەی کە سەفەری ئەو وڵاتە دەکات پێکهاتووە لە بەرێزان سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و سەرکار عەلی خان جێگیر و سەلام حوسێن سکرتێر و حەمید خالید بەرپرسی دارایی و سەعدی غەریب بەرپرسی ناوبژیوانان و د. سەرهەنگ بەرپرسی پەیوەندییەکان لە لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و هاوکار محەمەدی وێنەگر.

سەڵاح محەمەد کەریم ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی عێراق

# سەرۆکی یانەکانی کوردستان داوای ناوبژیوانانی عێراق دەکات



**یەکێکە لە وەرزشکارانی شاری سلێمانی ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی وەرزش دابووە و چەندین یاری نێودەوڵەتی بەڕێوە بردییە ئێستاش ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی عێراقە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستیان باشە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە هەڵەیان نەبێت لە یارییەکان ئاستیان باش بووە، هەڵەی یاسایی یان هەبووە، بەڵام دەبێ لیژنەی ناوبژیوانان و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان زۆر ئاگاداری حاڵەتەکان بێت و ڕێنمایان بدەن بۆ ئەوەی هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە.

*** پلەکانی ناوبژیوان چۆن دابەش کراوە؟**

- ئێمە پلەکانی (١-٢-٣)مان لە کوردستان و عێراق لە هەردوو خول ناوبژیوانەکان یارییەکان بەڕێوە دەبەن.

*** ئەدی لە کاتی گۆڕانکارییەکان چۆن پێیان ڕادەگەیێنن؟**

- پێش ئەوەی خولەکان دەست پێ بکات ئێمە خولی (بەهێزکردن)مان هەیە ئەم خولە دەست پێ دەکات و ناوبژیوانانی کوردستان کۆ دەکەینەوە کە نزیکەی (٨٠) ناوبژیوانە ئەم خولەیان بۆ دەکەینەوە هەرچی گۆڕانکارییە پێیان ڕادەگەیێنین، هەردوو شێوەی پراکتیکی و تیۆری ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش جێبەجێ بکەن لە یارییەکان.

*** بە ڕای تۆ ناوبژیوانانی کوردستان غەدریان لێ کراوە لەسەر ئاستی عێراق؟**

- وەکو غەدر ناتوانم بڵێیم غەدرە، بەڵام بارودۆخی یارییەکانی ئێمە وایە وەکو سلێمانی و دهۆك و هەولێر لەگەڵ یەك یاری دەکەن بەداخەوە سەرۆکی یانەکان داوا دەکەن کەوا ناوبژیوانی بەغدا و نێودەوڵەتیمان بۆ دابنێن.

*** هەوڵتان نەداوە ناوبژیوانانی کورد پێش بخەن؟**

- وەکو لیژنەی ناوبژیوانان و یەکێتی تۆپی پێی هەوڵمان داوە ئاستیان باش بێت، بەڵام ئەو حەساسیەتەی لە نێوان یانەکانی کوردستاندا هەیە لە خولی عێراقی، بەڵام کە سەرۆك یانەکان داوا بکەن ئەوا ناوبژیوانی خۆمان یارییان بەرناکەوێت .

*** زۆربەی یانەکان سکاڵای ئەوە دەکەن کەوا ئاستی ناوبژیوانان خراپە و ئەوان هۆکاری دۆڕانن؟**

- من ناڵێم ئاستیان خراپە، بەڵام لە خولەکانی ئەورووپاش ناوبژیوان هەڵەی زەق دەکەن.

*** زۆربەی ناوبژیوانان سکاڵای ئەوە دەکەن کەوا خولی بەهێزکردنی ناوبژیوانان لە دەرەوەی وڵات ئەنجام نادەن بۆ چی؟**

- تا ئێستا ئەو بوارە نەرەخساوە کەوا ناوبژیوانان بنێرینە دەرەوە، بەڵام پارساڵ دوو ناوبژیوان لە سوێدەوە هاتنە کوردستان، کێشەی سەرەکی چوونە دەرەوەی ناوبژیوانان ڤیزەیە کە زۆر زەحمەتە، بەڵام خولەکان بەردەوام دەبن.

*** کێشە و گرفتی ناوبژیوانان چییە؟**

- ئەگەر کێشەی سەرتاسەری عێراق بڵێن ئەوە ئەو پارەی دەدرێتە ناوبژیوانان زۆر کەمە و پشتگیری نییە و جل و بەرگی کۆنە و گواستنەویان زۆر زەحمەتە بۆ شارەکان و کێشەی ئەمنی هەیە چونکە لە زۆربەی یارییەکان یاریگا پاسەوانی لێ نییە بە تایبەتی لە خولی عێراق، کەمی کردنەوەی خولی بەهێزکردنی ناوبژیوانان و نەچوونە دەرەوەی ناوبژیوانان بۆ دەرەوەی وڵات.

*** بەهێزترین یاری کە بەڕێوەت بردبێت لە ژیانی ناوبژیوانی چ یارییەك بووە؟**

- باشترین یاری زۆر باشی بەڕێوەم بردبیە لە یاری پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ١٩٩٠ لە یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ژاپۆن و ئەندنوسیا بوو یارییەکە لە جاکارتا بوو هەردوو هەڵبژاردە یەکسان بوون.

# فێرناندۆ تۆرێس ترسناکترین هێرشبەری لیڤەرپوول

## بە منداڵی حەزی دەکرد ببێتە گۆڵچی

### کورتەیەك لەبارەی فێرناندۆ تۆرێس

ناوی تەواوی (فێرناندۆ تۆرێس سانز)ە، لە ١٩٨٤/٣/٢٠ لەشاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لەدایك بووە. بە ئیلنینۆ و کید تۆرێس ناسراوە، درێژی باڵای دەگاتە ١٨٥سم، لەهێڵی هێرشبردن یاریدەکات، درێسی ژمارە نۆ دەپۆشێت، ئێستا یاریزانی یانەی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی ئیسپانیایە.

تۆرێس لەسەرەتای یاریکردنیدا

ئەو کاتەی منداڵ بوو خۆشەویستی تۆرێس بۆ تۆپی پێ دەستی پێکرد، باپیرەکەی کە تۆرێسی بەخێو دەکرد نەی دەویست ببێتە یاریزانی تۆپی پێ،بەڵام دواتر شانازی پێوە دەکرد بە تایبەتی کاتێك تۆرێس چووە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە خۆی هاندەری ئەتلەتیکۆ مەدرید بوو، هەر بەهۆی باپیرەکەیەوە تۆرێس شەیدای یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بوو. سەرەتا تۆرێس دەیویست ببێتە گۆڵچی لەبەرئەوەی براکەی گۆڵچی بوو،بەڵام کاتێك تەمەنی لە حەفت ساڵ تێپەڕی کرد وەك هێرشبەر دەستی کرد بەیاریکردن.دوای ئەوەی تەمەنی بووە دە ساڵ، چووە تیپی ورایو و یەکێك بوو لەباشترین یاریزانانی تیپەکە، لەساڵی ١٩٩٥ لەتیپی تازە پێگەیشتووانی ئەتلەتیکۆ مەدرید وەرگیرا، لەساڵی ١٩٩٨ بەشداری کرد لە جامی نایکی جیهانیدا و جامەکەیان بەدەست هێنا.



### ئیلنینۆ و ئەتلەتیکۆ مەدرید

لەساڵی ١٩٩٩ تۆرێس لەیانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید وەرگیرا، لەوەرزی یەکەم دا تووشی پێکان هات. یەکەم یاری کە بەشداری کرد لە ٢٠٠١/٥/٢٧ بوو، دوای هەفتەیەك یەکەم گۆڵی خۆی تۆمارکرد بەرامبەر یانەی باسیتی، یانەکەی دابەزییە خولی پلە دووی ئیسپانیا. دوای ئەوە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید گەڕایەوە خولی پلە یەك، لەو وەرزەدا تۆرێس ١٢ گۆڵی تۆمارکرد. لەوەرزی دواتردا تۆرێس بەتۆمارکردنی ١٩ گۆڵ بووە سێیەم گۆڵکاری لالیگا، لەیەکەم دەرکەوتنی لەسەر ئاستی ئەوروپا ئیلنینۆ ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بووە جێی سەرنجی یانە بەناوبانگەکان.

### چوار یانە بەدوای تۆرێسەوە بوون

تۆرێس هەستی کرد کە بەردەوام بوون لەیاریکردن بۆ یانەکەی دوارۆژێکی گەشی بەدواوە نابێت، خەونی ئەو یاریکردن بوو لەیانەیەکی بەناوبانگی ئەوروپیدا، ئەو کات هەر چوار یانەی ئەرسناڵ،چێلسی،لیڤەرپوول و مانچستەر یونایتد بەنیازی کرینی بوون. سەرەتا سیریزۆی سەرۆکی یانەکە رەتی کردەوە کە تۆرێس بفرۆشن، دواتر ڕای گەیاند کام یانە پارەی زۆرترمان بداتێ تۆرێس دەبێتە یاریزانی ئەو یانەیە. ئەو کاتە هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە تۆرێس دەچێتە لیڤەرپوول، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دیگۆ فۆرلانی هێرشبەری کری، دوا جار یانەی لیڤەرپوول گرەوی کڕینی فرناندۆ تۆرێسی بردەوە.

### دوو هاتریك لە دوو یاریدا

تۆرێس لەیانە نوێیەکەی بە ئاستێکی بەرز دەرکەوت، هەرچەندە لەچەند یاریەك دا یەدەگ بوو بەڵام دواتر جێگای خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی لیڤەرپوول کردەوە. لەو ماوە کەمەدا کە تۆرێس چۆتە لیڤەرپوول چەند ژمارەیەکی پێوانەیی بەناوی خۆی کردووە، کاتێك لە دوو یاری یەك لەدوای یەکدا هاتریکی تۆمارکرد،بەمەش لەدوای جاکی مالمر لەساڵی ١٩٤٦ بووە یەکەم یاریزان کە شەش گۆڵ لە دوو یاریدا تۆمار بکات، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو بووە یەکەم یاریزان لەدوای رۆبی ڤۆلەر بیست گۆڵ لەوەرزێکدا بۆ یانەکەی تۆمار بکات. دوای ئەوەی توانی لەهەشت یاری یەك لەدوای یەك گۆڵ تۆمار بکات بەمەش ژمارەیەکی تری پێوانەیی تۆمارکرد.

### بردنەوەی یۆرۆی ٢٠٠٨

یەکەم یاری نێودەوڵەتی فێرناندۆ تۆرێس لەساڵی ٢٠٠٣ بوو بەرامبەر پورتوگال، یەکەم گۆڵیشی بەرامبەر ئیتاڵیا تۆمار کرد. لەیۆرۆی ٢٠٠٤ بەشێوە یەدەگ یاری دەکرد، لەپاڵاوتنەکانی ئەوروپا بۆ گەیشتن بە مۆندیالی ٢٠٠٨ لە یازدە یاریدا حەفت گۆڵی تۆمار کرد و بووە گۆڵکار، لەمۆندیالی ٢٠٠٦ بەتۆمارکردنی سێ گۆڵ لەگەڵ هاورێکەی دیڤد ڤیا گۆڵکاری ئیسپانیا بوو. ئەستێرەی تۆرێس لەیۆرۆی ٢٠٠٨ گەشتر بوو کاتێك لەسەرەتادا زۆر رەخنەی لێ گیرا بەوەی ئاستی وەك پێویست نییە، بەڵام ئاراگۆنێسی راهێنەر پشتی بە فرناندۆ تۆرێس بەست و لەیاری کۆتایی دا بە تاکە گۆڵی تۆرێس ئیسپانیا لە ئەڵمانیای بردەوە و نازناوەکەی بەدەست هێنا.

### خەونی جەماوەری لیڤەرپوول

دوای ئەوەی هەریەکە لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ریکاردۆ کاکا، لیۆنێل مێسی، ئیگەر کاسیاس و فێرناندۆ تۆرێس پاڵێوراو بوون بۆ بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزانی جیهان، رافایێل بینیتێزی راهێنەری لیڤەرپوول فێرناندۆ تۆرێسی بە شایستەی ئەو خەڵاتە زانی، بەڵام دوا جار کریستیانۆی پورتوگالی بووە باشترین یاریزان، ئەگەر تۆرێس بەو شێوەیە بەردەوام بێت لەیاریکردن دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە خاوەنی نازناوی باشترین یاریزان. بەڵام ئەوەی ئێستا زیاتر لەهەموو شتێك فێرناندۆ تۆرێس ئارەزووی بەدەستهێنانی دەکات نازناوی خولی نایابی ئینگلیزییە، نزیکەی هەژدە ساڵ دەبێت جەماوەری لیڤەرپوول خەون بەو نازناوە دەبینن، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: تۆ بڵێی تۆرێس و هاورێکانی ئەمساڵ بتوانن نازناوەکە ببەنەوە؟

**ئامادەکردنی:هێمن قەسرەیی**

